

# تۆماس ترانسترۆمەر..

## براوەی نۆبڵی ئەدەبیی ٢٠١١

ئەگەرچی ساڵانێکی زۆرە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی نەبەخشراوە بە شاعیرێک، بەڵام ئەکادیمیای بەخشینی نۆبڵ، ئەمساڵ یەکێک لە کەم بەرهەمترین شاعیرەکانی دونیای دەستنیشانکرد بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە. رۆژی ٢٠١١/١٠/٦ ئەکادیمیای پادشایی سویدی ناوی براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی ئەمساڵی ئاشکراکردو رایگەیاند ئەمساڵ خەڵاتەکە دەبەخشرێت بە شاعیری سویدی (تۆماس ترانسترۆمەر)ی تەمەن هەشتا ساڵ.

## راپۆرت

ترانسترۆمەر ١٥ی نیسانی ١٩٣١ لە ستۆکهۆڵم لەدایکبووە و ساڵی ١٩٥٦ لە زانکۆی ستۆکهۆڵم بڕوانامەی بەدەستهێناوە لە بواری دەروونناسیدا. لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا یەکەمین کۆمەڵە شیعری بە ناونیشانی (١٧ قەسیدە)وە بەچاپگەیاندووەو تا ئێستا (١٢) کتێبی شیعریی چاپکراوی هەیە، کە سەرجەمیان لە کتێبێکی (٣٠٠) لاپەڕەییدا جێیان دەبێتەوە.

ترانسترۆمەر لە ساڵی ١٩٩٣وە هەموو ساڵێک یەکێک بووە لە پاڵێوراوانی ئەو خەڵاتەو لە ماوەی ٣٧ ساڵداو دوای شاعیری سویدی (هاری مارتینسۆن)، کە ساڵی ١٩٧٤ ئەو خەڵاتەی وەرگرت، یەکەمین ئەدیبی سویدییە نۆبڵی ئەدەبیی پێ ببەخشرێ.

ئەکادیمیای بەخشینی نۆبڵ رایگەیاند، هۆکاری هەڵبژاردنی ترانسترۆمەر بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە ئەوەیە، کە (ترانسترۆمەر دەروازەیەکی نوێمان بۆ دەکاتەوە بەرامبەر بە واقیع و پەیوەندییەکی تر دروست دەکات لە نێوان واقیع و ئینساندا..). ئەگەرچی بە ژمارە شیعرەکانی (ترانسترۆمەر) زۆر نین، بەڵام ئەکادیمیای سویدی رایگەیاند (ئەو شاعیرە یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی ئەم سەردەمە..). شیعرەکانی ترانسترۆمەر وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە ٦٠ زمانی جیهانی.

جگە لە شاعیریەتی، ترانسترۆمەر پیانۆژەنێکی زۆر بەتواناو شارەزایە، بەڵام ساڵانێکە بەهۆی وەستانی لایەکی جەستەیەوە، تەنها بە دەستی چەپی دەتوانێ پیانۆ بژەنێ. ساڵی ١٩٩٠ بەهۆی جەڵتەی دەماغەوە لایەکی جەستەی لە جوڵە کەوت و توانای قسەکردنیشی لەدەست دا، لەو ساڵانەدا (مۆنیکا)ی هاوسەری هاوکارێکی بەردەوامی بوو بۆ نووسینەوەو پێداچوونەوەی تێکستەکانی. ساڵی ١٩٩٦ کۆمەڵە شیعری (گوندی ماتەمینی)ی بەچاپ گەیاندو لە سوید (٣٠) هەزار دانەی لێ فرۆشرا، کە ئەوە ژمارەیەکی نوێ بوو بۆ فرۆشتنی کتێبێکی شیعری، ساڵی ٢٠٠٤ دوا دیوانی بە ناوی (رازی گەورە)وە بەچاپ گەیاند، کە ٤٥ شیعری زۆر کورتی لەخۆگرتووە.

جگە لە خەڵاتی نۆبڵ، کە ئەمساڵ پێی بەخشرا، ترانسترۆمەر وەرگری نزیکەی ٣٧ خەڵاتی تری ناوخۆیی و جیهانییە، جیا لەوەش دوای گوێزرانەوەی کاری فەرمانبەریی لە ستۆکهۆڵمەوە بۆ شاری ڤێستیرۆس، کە نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر لە پایتەختەوە دوورە، لەو شارەدا بەهۆی خۆشەویستی و رێزی (ترانسترۆمەر)ەوە خەڵاتێک بەو ناوەوە دامەزراوەو لە ساڵی ١٩٩٧ەوە ساڵانە دەبەخشرێت. ترانسترۆمەر ساڵی ١٩٩٧ گەڕایەوە بۆ ستۆکهۆڵم و ئێستا لەگەڵ (مۆنیکا)ی هاوسەری، کە دوو کوڕی لێی هەیە، لەو شارە نیشتەجێن.

